# دیاردەی "یۆڤال نوح هەراری"



نوسینی: وەلید عومەر

یۆڤال نوح هەراری(1976- )، مامۆستا/نوسەرێکی گەنجی ئیسرائیلییە و لەدایکبووی حەیفایە. لە ساڵی 2002دا دکتۆرا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دێنێت. پسپۆڕییەکەشی لە بنەڕەتدا لە مێژووی جیهان و مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست و مێژووی سەربازییدایە. لە ویکیپیدیاشدا بە مێژوونوس(historian) ناوی هاتووە، و لە زانکۆی عیبریی ئۆرشەلیم وانەدەڵێتەوە. ئەمە سەرباری ئەو چالاکییانەی بۆ گرووپ و ڕێکخراو و گوێگرەکانی لە جیهاندا ئەنجامیدەدات. لە چوار ساڵی پێشوودا ناوی یۆڤال نوح، لەپاش وەرگێڕانی سێ کتێبی سەرەکیی بۆ زمانی ئینگلیزی، تەقییەوە. کتێبی یەکەم، ساپیێنس(مرۆڤی عەقڵمەند): کورتەمێژووی توخمی مرۆڤ(2014) کە بەپێی سایتەکەی خۆی 10 ملیۆن نوسخەی لێ فرۆشراوە. هۆمۆدیۆس(مرۆڤەخوا): کورتەمێژووی سبەینێ(2016) کە 5 ملیۆن کۆپیی لێ فرۆشراوە و ئەمساڵیش کتێبی «21 وانە بۆ سەدەی 21»ی بڵاوکردەوە. یۆڤال نوح، بە زمانێکی ڕوون دەنوسێت کە بارگاوییە بە قووڵاییەکی زانستی و فیکری و مێژوویی و سیاسی کە جاروبار تۆنێکی تاڵ و قۆشمەئاساش دەگرێتەخۆی.

گەرچی یۆڤال لای خوێنەران و خەڵکانی زانستی لە جیهاندا پێشوازییەکی زۆری لێ کراوە، بەڵام بۆ هەندێکمان مەسەلەکە ڕاستەوخۆ دیوە زانستییەکەی

نیه. بەڵکو ئەو ئاکام و ئاسۆیانەیە کە لەم ڕوانین و ئەگەرە زانستییانەی ئەوەوە دەکەونەوە. بایەخی ئیشەکەی خۆیشی هەر لێرەوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام پێویستی بەوەیە توێژێك فیکرییتر و تۆختر بخرێتەڕوو. واتە هەر هێندە گرنگ نیە نوسینەکانی وەك فاکتی ڕووت یان وەعزی ئاخرزەمانی بخرێنەڕوو، بەڵکو دەبێت لەم نێوانەدا پشکی فیکر و فەلسەفە ڕوونتر قسەبکات(گەرچی لە ئەنجامگیریی نوسینەکانیدا وا دەردەکەوێت فەلسەفە بە سرووشتە کیسەڵئاساکەی خۆیەوە پێشی خێراییە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان ناداتەوە و جێماوە). سەبارەت بەوەش کە مێژوونوسە، پارادۆکسێکی گرنگ لەم تایتڵەدا درووستدەکات: گەر مێژوونوسە، چ کارێکی بەسەر داهاتووەوە هەیە؟ بۆیە دەتوانین لە تایپە باوەکەی «مێژوونوس» دەریبکەین و لە شتێکی وەك «نوسەرەوەی چارەنووسی مرۆڤ» نزیکی بکەینەوە. دیارە ئەمەش بێ کێشە نیە، چونکە ئەو دەیان هەزارساڵ دەگەڕێتەدواوە و ڕیشەی مرۆڤەکەی ئەمڕۆ تاوتوێدەکات، بەڵام بەدەقیقی دڵنیا نیە لەوەی لە 2050دا چی دەگوزەرێت. وەك بڵێی، لە قۆناغێکی وەهادا مێژوو کەم کەم لە ڕیشەی خۆ دەردەچێت و چیدی ڕابردوو وەك ڕابردوو نامێنێتەوە. یان ئەوەی خۆی لە نوسینێکدا دەڵێت چیدی حیکمەت و ئامۆژگاریی پێشینان نامێننەوە و ئەو مەودا زەمەنییە وندەکەین کە کاتیگۆریی «پێشینان» درووستدەکات.

ئەوەی بۆ لە یۆڤال نوحدا بۆ من گرنگە، گێڕانەوەی مێژوو نیە، تەرحی زانستی و پێشبینیی پەیامبەرانەش نیە، بەڵکو ئەو باگراوەندە ئیتیکی و

ئەخلاقییەیە کە لەپشتەوە هەستی پێدەکرێت. کەمن ئەوانەی بپەرژێنە سەر زانست و "ئیتیك"یان لەبیر بێت. یۆڤال لە پێشەکیی هۆمۆدیۆسەکەدا بیرماندەخاتەوە کە: ئەمڕۆ مرۆڤ وەك ڕێژە پتر بەهۆی قەڵەوییەوە دەمرێت نەك برسێتی. بەراورد بەو 850 ملیۆن کەسەی کە بەهۆی کەمخۆراکییەوە دەیانناڵاند کەچی زیاد لە 2.1 ملیار کەس کێشی زیادەیان هەبوو. ساڵی 2010 ملیۆنێك کەس بەهۆی کەمخۆراکییەوە مردن بەڵام هەمان یاڵ سێ ملیۆن کەس بەهۆی قەڵەوییەوە مردن. ساڵی 2012یش نزیکەی 56 ملیۆن مرۆڤ مردن(کە 620 هەزاریان بەهۆی توندوتیژیی مرۆییەوە مردن) بەڵام لەلایەکی ترەوە 800 هەزار کەس خۆیان کوشتووە و پێنج ملیۆن و سەد هەزار کەسیش بەهۆی شەکرەوە مردوون. یۆڤال وتەنی: شەکر لە باروت ترسناکترە بۆ ئێستای مرۆڤایەتی. بەڵام لەقووڵاییدا پرسەکە سەرووئەخلاقییە: بۆ؟

چونکە گەشەی مرۆڤ، ڕەچاوی ئەخلاق ناکات. مرۆڤ لە ماوەی 4 ملیۆن ساڵ پرۆسەی پەرەسەندن(ئڤۆلەیشن)دا، گەیشتووە بەم فۆرمە ئەندامەی ئێستا کە تەکنۆلۆژیا خەریکە دەیگۆڕێت. مرۆڤ لە ئەمیبیاوە بۆ خشۆکەکانەوە تا شیردەرەکان و دواتریش مرۆڤی عەقڵمەند. تاوتوێکانی یۆڤال لەوێوەیە کە مەرج نیە مرۆڤی عەقڵمەند، دوا وێستگە بێت، واتە ئەم مرۆڤەی کە 70 هەزار ساڵە درووستبووە. واتە گەر پەرەسەندن پرۆسەیەکی هێواش و پلەپلە بووبێت ئەوا لە سەردەمی هۆمۆدیۆس و مرۆڤەخوادا بازێکی خێرا دەدرێت و تەکنیك ئەو ڕیتمە هێواشەی پەرەسەندن دەشێوێنێت. بەتایبەت

بایۆ/ئەندازیاری کە چاوەڕێناکات پەرەسەندن فەن و فێڵی خۆی بخاتەڕوو بەڵکو لەشە دێرینەکەی مرۆڤی عەقڵمەند لە کۆمەڵێك خانەی جیناتییدا کۆدرێژدەکرێتەوە. لەوەش (ترسناکتر؟) بەکارهێنانی ئەندازیاریی سایبۆرگە کە هەنگاوێك لەمەش زیاتر دەڕواتە پێشەوە و ئەندامە زیندووەکان لەگەڵ دەزگای نازیندوودا تێهەڵکێشدەکات. واتە تەکنۆلۆژیا پارچەی نازیندوو بۆ سەر ئۆرگانی مرۆیی زیاددەکات: بۆنمونە دەستی بایۆنیك، چاوی دەستکرد، یاخود ملیۆنان نانۆ ڕۆبات کە سووڕی خوێنمان ئاراستەدەکەن و ناتەواوییەکان دیاریدەکەن و سەرەنجامیش ئەگەری هەیە نانۆتەکنۆلۆژیا بنێردرێتە ناو خوێنەوە نەخۆشییەکان دیاریکەن و میکرۆب و خانە سەرەتانییەکان لەناوببەن. دوا گریمانەی یۆڤالیش ئەوەیە کە تەکنۆلۆژیا مێشکمان بنیات بنێتەوە و مرۆڤی عەقڵمەند وەك تایپێك مرۆڤی ناو مێژوو کۆتایی بێت و پرۆسەیەکی تر دەست پێ بکات کە ئێستا ناتوانین لێی تێبگەین. بەر لەمانەش ئەو تواناییانەی کە هەزاران ساڵ وەك پاداشتی ئاسمانی سەیردەکران، ئەمڕۆ کەسێکی ئاسایی دەتوانێت زۆر سادەتر لە خودا دێرینە یۆنانییەکان و هندۆ و ئەفریقییەکان لە مەودای زۆر دوورەوە پەیوەندی دروستبکات و سەفەری شوێنە دوورەکان بکات(لەلایەکی تریشەوە فەزای مەجازی خۆی هەڵگری ئەم ڕەهەندە ئیلاهییەیە کە حزووری وێنە لە هەموو جێیەك هەیە). ئەم شتانە بەر لەوەی ڕووبدەن، گۆڕان لە دونیا ماناییەکەماندا دروستدەکەن: لە چەند دەیەی داهاتوو کۆی دونیای ماناییمان دادەڕووخێت. ماوەیەك پێشتر وشەی ڕۆبۆت-م

به زمانی کوردی سێرچکرد، ئەو هەموو بابەتە لەسەر ڕۆبۆت بۆخۆی ئاماژە بوو کە ڕۆبۆت هاتۆتە ناو دونیای مانایی کوردییەوە(جیا لەوەی کورد بتوانێت ڕۆبۆت درووستبکات یان نا).

هێڵە ئیتیکییەکەی یۆڤال دەگاتە سەر ئاژەڵەکان: مرۆڤ بەراورد بە ئاژەڵەکانی تر، دەمێکە بووەتە خودا. واتە هەم خودا ئاوابووە، هەم مرۆڤیش بەنیسبەت بە ئاژەڵەوە ڕۆڵی خودا دەگێڕێت. ئاژەڵەکان لە سرووشتەوە وەردەگەڕێن بۆ ئاژەڵی ماڵی. بۆنمونە 200 هەزار گورگ لەسەر زەوی ماونەتەوە، بەڵام زیاد لە 400 ملیۆن سەگی ماڵی بوونی هەیە. لەبەرامبەر 40 هەزار شێریشدا، 600 ملیۆن پشیلەی ماڵی هەیە(کە هەردووکیان سەر بە یەك پۆلێنن). دیسان مەترسییەکە لەسەرووی ئەمەوە، ئەوەیە کە دیزاینی سمارت و زیرەك جێی هەڵبژاردنی سرووشتی بگرێتەوە. یۆڤال دەنوسێت: گۆڕانی مرۆڤی عەقڵمەند لەجیاتیی ئەوەی قیامەتێکی هۆلیودی بێت، پرۆسەیەکی مێژوویی پلەپلەی خێرایە(کە ڕۆژانە ڕوودەدات و مرۆڤە ئاساییەکان درکی ناکەن). زۆرجار لە مشتومڕە زانستییەکاندا دەوترێت کۆمپیوتەرەکان بەسەر مرۆڤدا زاڵدەبن و وەك دوو جەمسەری دژ دەچنە شەڕەوە، بەڵام یۆڤال وردتر کێشەکە دیاریدەکات و دەنوسێت: مرۆڤی عەقڵمەند لەلایەن زەبورزەنگی ڕۆبۆتەکانەوە لەناوناچێت بەڵکو پێدەچێت هەنگاو بە هەنگاو گۆڕان بەسەر خۆیدا بێنێت و لەم پرۆسەیەدا تێهەڵکێشی ڕۆبۆتەکان و کۆمپیوتەرەکان دەبێت. ئەویش تا ئەو جێیەی کە مناڵەکانمان سەیرێکی ڕابردوو

بکەن و سەیرکەن چیدی ئەو بوونەوەرە نین کە کتێبی پیرۆزی نوسی و دیواری چینی درووستکرد و بە کۆمیدیاکانی چارلی چاپلین پێدەکەنی. ئەمەش لە ماوەی ڕۆژێك و ساڵێکدا ڕوونادات بەڵکو لەڕاستییدا هەر ئێستا لە فۆرمی ژمارەیەکی زۆر ڕەفتاردا لە ڕووداندایە و هەموو ڕۆژێك ملیۆنان مرۆڤ ڕێ بەوە دەدەن مۆبایلە سمارتەکانیان زیاتر کۆنترۆڵی ژیانیان بکات یان دەرمانی دژەخەمۆکیی کاریگەر بەکاربێنن. یۆڤال نوح، لە درێژەدا دەنوسێت مرۆڤەکان هەوڵدەدەن لە گەڕانیاندا لەپێناوی سەلامەتی و بەختەوەری و دەسەڵاتدا یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان بگۆڕن، دوای ئەوە تایبەتمەندییەك و پاشان یەکێکی تریش، تا ئەو کاتەی کە ئیدی مرۆڤ نین و لە ماهیەتی مرۆڤ دەردەچن(گەر سەیرێکی سلوکی ڕۆژانەی مرۆڤی ئێستا و چەندساڵێك لەمەوبەر بکەین ئەمە دەبینین. جگە لەوەی داباریین و داهێنانی هەر تەکنۆلۆژیایەك لەسەر زەوی لەسەر حیسابی کەوتنی چەمکەکانی ناو دونیا کلاسیکییەکەیە). کاتێك باسی ئەم وەرچەرخانە نەوعییە گەورانە دەکرێت، مانای ئەوە نیە ڕاستەوخۆ هەمووشت دەوەستێت(و کابینەی 9ی مەسروور بارزانی پێکنایەت)، بەڵکو هەر ڕووداوێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی پشکی خۆی بەپێی میکانیزمی خۆی وەردەگرێت. هۆشی دەستکرد یان زیرەك(Artificial Intelligence) چیدی نەبەستراوەتەوە بە ڕۆبۆتەوە بەڵکو هاتۆتە ناو ژیانی ئاسایی مرۆڤەکانەوە و وردەوردە کەرەستەکانی چواردەورمان دەبنە سمارت. بۆیە کەم کەم هاوکێشە کۆنەکانی پەیوەندی و مامەڵە و

ستانداردی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا دێت. لە ئاستی عەقڵی دینییشدا، مەسەلەکە هەر تراومای تیۆرە داروینییەکە نیە کە بەو پێیە مرۆڤ بەرمەبنای هەڵبژاردنی سرووشتی(natural selection) پەرەی سەندووە و بەرەنجامی پرۆسەیەکی هێواشی گۆڕانکاریی ملیۆنانساڵەیە بەڵکو لە داهاتوودا دیزاینی زیرەك(intelligent design) خێراتر دەستکاریی مرۆڤ دەکات. گەر دیزاینی زیرەکیش جێی پەرەسەندنی زیندەوەران بگرێتەوە ئەوە لانیکەمی ئاکامەکەی ئەوەیە کە مرۆڤی عەقڵمەند وەردەگەڕێت بۆ سوپەرمرۆڤ. بە زمانێکی فەلسەفییش: سوبێکت چیدی پرۆسەکانی بەسوبێکتبوونی خۆی ناپێویێت و لەبنەڕەتەوە ناتوانین بەدەقیقی دیاریی بکەین کە هەر سوبێکتە یان ئۆبێکت یان هیچیان(واتە تێپەڕین لە سایبۆرگیش کە نیوەی مرۆڤ و نیوەی ئەندامی دەستکرد بووە و زۆر نامۆ نیە بە مرۆڤ: ئیدی لە دەست و قاچی دەستکردەوە بیگرە تا گوێ و ددانی تاقم و هتد). هەروەها هاوشان بە گەشەی بایۆتەکنۆلۆژیا(Biotechnology)، کە دەشێت زانستی پزیشکی بەسەر بەکتریا و ڤایرۆسەکاندا زاڵ ببێت بەڵام هاوشان بەمە چەکێکی ترسناك دەخاتە دەستی ئینسانیش. بۆنمونە ئایدۆلۆژیا فاشیستەکان و تیرۆریستەکان و وڵاتانی زێدەکەپیتاڵیست دەتوانن میکرۆبی ئاخیزەمانی درووستبکەن و زۆر لەوە خەڵك لەناوببەن کە مێژوو بە تاعون و سیل و کۆکەڕەشە لەناویبردووە.

یۆڤال له مەسەلەی ئابورییشدا پێی وایه ئابوریی جیهانی له ئابوریەکی مادییەوە ڕووەو ئابورییەکی ڕۆنراو لەسەر زانیاری و ئای تی ڕۆیشتووە. واته له ڕابردوودا سەرچاوه سەرەکییەکانی سامان کانی ئاڵتون و چاڵه نەوت و کێڵگەی گەنم و هتد بوون بەڵام ئەمڕۆ سەرچاوه سەرەکییەکه بریتییه له زانیاری. گەر بکرێت دەڤەرێکی نەوتی بەهۆی هێزەوە بگریت ئەوا ناتوانیت به هەمان ڕێگه زانین و ئینفۆرمەیشن کۆنترۆڵبکەیت. لەم ڕووەشەوە جوگرافیای جەنگ لەو ناوچانەدا چڕدەبێتەوە که ئابوریی مادییان تیایه وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای ناوەند. یۆڤال وەك نمونەیەکی گریمانەیی دەڵێت: گەر بێتو چین دەست بەسەر کالیفۆرنیاشدا بگرێت بۆ ئەوەی سلیکۆن ڤۆلی(شوێنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری له ئەمریکا) کۆنترۆڵبکات ئەوا شتەکه زۆر عەمەلی ناکەوێتەوە. چونکه لەوێ کان و کانزای سلیکۆنی بەردەست ینه بەڵکو ئەوەی هەیه سۆفتوێر و بەرنامەی بەرهەمهێنانی ئای تییه. لێرەشەوە چەمکی ئاشتی و جەنگ له دۆخێکی تردان و ئەم "ئاشتییه نوێ"یە، به مانایەك له ماناکان

ئەگەری مەترسیی زۆرتر بۆ داهاتوو دەچێنێت و دۆخێکی لەباریشە بۆ کۆمپانیا زۆڵەکانی سەرمایە. ئەو چەکانەشی لەسەر زەوی هەن، بە ئەتۆم و دیجیتاڵ و کلاسیکییشەوە، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە هەر کۆدەکرێنەوە. واتە مرۆڤایەتی لە "یاسای دارستان"ی تێکشکاند، بەڵام بەپێی وتەی یوڤال، "یاسای چیخۆف"یشی تێکشکاندووە: چیخۆفی ئەدیب پێی وابوو چەکێك کە لە پەردەی یەکەمی نمایشێکدا دەردەکەوێت ئەوا لە پەردەی سێهەمدا هەر دەتەقێنرێت و چار نیە. لە جەنگی سارد بەدواوە، کە بۆمب و موشەکی نەهاوێژراو هەڵدەگیرێت، مرۆڤ لە هەردوو یاسای دارستان و چیخۆفیش تێپەڕیوە. ئەمە جگە لەوەی ئەم مەترسییانە بە هەڵپەسێراوی دەمێننەوە، کەچی ئاشتییە ڕواڵەتییەکەش تایپی تازەی مردنی خوڵقاندووە: «کۆکاکۆلا بۆ ئەمریکییەك یان ئەورووپییەکی ئاسایی، مەترسییەکی کوشندەتری لە ئەلقاعیدە هەڵگرتووە».

یەکێك لە کەیسەکانی تر کە یوڤال نوح و بەگشتی زانستی نوێ لەسەری دەوەستێت، پرسی بەختەوەری و بایۆکیمیاییە. گەر

بەختەوەری پێشتر بەسترابێتەوە بە دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ئەوا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە وەك پرسی زانستی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و چیتر چاوەڕێی فەیلەسوفان و ڕاهیب و دەروونناسەکان ناکرێت شیی بکەنەوە، یان خۆی واتەنی: چیتر زانست گوێ لە ئەپیکۆر ناگرێت پێناسەی بەختەوەری بکات. بەپێی زانستە بایۆلۆژییەکان شادی و بەختەوەری و ئازار هیچ نین جگە لە هاوسەنگیی نێوان ئیحساساتی جەستەییەکان. واتە ئێمە هەرگیز کاردانەوە بەڕووی دونیادا نانوێنین بەڵکو وەڵامی ئیحساسە جەستەییەکانی ناو خۆمان دەدەینەوە. کەسێك کە کارەکەی لەدەستداوە یان هاوسەرەکەی، ئەوا لەبەر خودی لەیدەستدانەکە نیە ئازاردەچێژێت بەڵکو کۆمەڵێك هەستی ناخۆشی ناو جەستەی مرۆڤ خۆیین. «هەزار شت مرۆڤ تووڕەدەکات بەڵام تووڕەیی شتێکی پەتی و ئەبستراکت نیە بەڵکو هەمیشە خۆی وەك هەستێکی گەرما و گرژییەك لە لەشدا دەردەخات و لە فۆرمی توڕەییدا خۆی پیشاندەدات». سیستەمی بایۆکیمیایی، بەدرێژایی ژمارەیەکی زۆر نەوەی یەك لەدوای یەك بەجۆرێك ڕێکخراوە کە نەك هەر بڕی

بەختەوەری بەڵکو ئیمکانی مانەوە و بەرهەمهێنانەوەشمان زیاتربکات. بەڵام هەر ئیمکانێکی خۆش و بەختەوەرانە، یەکێکە لە فێڵەکانی پەرەسەندن(ئڤۆلوشن) و کاتی و ڕاگوزەرن و شتێك نیە ناوی بەختەوەری بێت. کەم نین ئەو کۆمەڵگایانەی کە باری مادی و خۆشگوزەرانییان بەراورد بە چەند دەیەك پێشتر باشتر بووە، بەڵام کەمتر بەختەوەرن و ڕێژەی خۆکوشتنیش زۆرتر بووە. یۆڤال بۆیە ئەم باسە دێنێتەگۆڕێ تاکو بڵێت زانست ئەو تەماحە دەخاتە بەر هەموان کە زۆر دووتر نەڕۆن بەدوای بەختەوەرییدا و بەختەوەری یەکێکە لە ئەگەرەکانی داهاتووی زانست کە لەڕێگەی بایۆکیمیاییەوە دەیڕەخسێنێت، بەڵام ئەمەش ئەوکات ئیدی بەختەوەری نیە بەڵکو بەرکەوتنە بەو بنبەستەی کە بەر لە گەشەی زانستیش بەری کەوتبووین: چونکە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە شتێك کە بە خێرایی شادماندەکات و بە هەمان خێراییش وندەبێت، چ بەهایەکی هەیە(کە مەبەست ساتی بەختەوەربوونە)؟ لێرەشەوەیە چارەسەری بایۆکیمیایی لەوەدایە ژمارەیەك بەرهەم و دەرمان بئافرێنێت کە شەپۆلی درێژخایەنی شادی دابینبکات بەڵام پەرەسەندن جێی ئەم ئەزموونەی

له بونیادی مرۆڤی عەقڵمەندا نەکردۆتەوە. له ئاستێکی سەرەتاییشدا ئێستا خەڵکانێکی زۆر لەڕێگەی مۆلکۆلی کیمیاییەوە ئەو شتانە بەدەستدێنن کە خەڵکی تر لەڕێگەی کار و خوێندن و دروستکردنی خێزانەوە بەدەستی دێنن: بۆنمونە مەسرەفکردنی بڕێك مۆلکۆلی کیمیایی، جێی ئەو کردەیە دەگرێتەوە کە بەعەمەلی پرۆسەکە ئەنجامبدەیت چونکە وەڵامی ئیحساسەکانی ناو لەشی خۆتت داوەتەوە. مەسرەفکردنی حەشیش و کۆکایین و ژمارەیەك حەپ و مادەی تر، سەرەتاکانی گەشەی بایۆکیمیایین. لەڕووی فیکرییشەوە، فراوانکردنەوەی ڕووبەری مەجازیی ژیانن کە مرۆڤەکان هێندەی پەنا بۆ ڕووبەرێکی مەجازی دەبەن هێندە خۆیان لە قەرەی واقیع و کردار نادەن. لە بواری پەروەردە و سەربازییشدا بایۆکیمیایی کاری خۆی دەکات: پاش هەزاران ساڵ دەشێت ئیتر کێشەکە لە خودی قوتابی و قوتابخانەدا نەبێت بەڵکو ڕاستەوخۆ سترێس و نمرەی نزم و تەمەڵی و دەبەنگی لەڕێگەی دەرمانەوە چارەبکرێت. وەکچۆن حەپی دژەخەمۆکی و باوەڕبەخۆبوون و بەرگەگرتنی جەنگ لەناو سوپاکان و خەڵکی ئاسایی-شدا ڕووله

**زیادبوونە. بەم پێیە بێت زۆرێك لە هاوکێشە کۆنە فەلسەفی و دینی و ئەخلاقییەکان دەشڵەقێن و ...**

ڕەنگە لەگەڵ هەر کارەساتێکدا چ کەلتوری بێت یان سیاسی، ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە نوسینەکانی کەسانی وەك "یۆڤال نوح هەراری" چ سودێکی بۆ کۆمەڵگای ئێمە دەبێت؟ بەڵام دەتوانین دەمودەست وەڵامبدەینەوە و بڵێین: زۆر. چونکە بەر لە هەرشت ناسینی زانست و بوونی خۆمان وەك بوونەوەرێك کە ڕەهەندێکی زانستییشی هەیە، شتێك لە کەلتور دەگۆڕێت. هەر ئەوەی کە پێناسەی مرۆڤ لە دەستی دین و کەلتور بسێنینەوە، گۆڕانێك بەسەر جیهانبینیماندا دێت(گەر بێتو وای دابنێین پێناسەی مرۆڤ هێشتاش بەدەستی دین و کەلتورەوەیە). ناتەندرووستیی پەیوەندیی ژن و پیاو و پرسی شەرەف و هتد، بەشێکیان لەوێوە دێن کە ڕوانینی مرۆڤی ئێمە بۆ خۆی، ڕوانینێکی موقەدەس و پێرفێکت و تەمومژاوییە و تەنانەت ئەو کاتەشی کە دەڵێین «مرۆڤ هەڵەدەکات»، هێشتا هەر ڕوانینمان بۆ مرۆڤ میتافیزیکی و کامڵە. بەڵام لە داروین بەدواوە و بەتایبەتیش لەم چەند دەیەی پێشوودا، مرۆڤ هیچ پیرۆزییەکی میتافیزیکیی نیە و ئەو حورمەتەشی هەیەتی حورمەتێکی زەمینی و قەراردادی و ڕەمزییە. واتە مرۆڤ(سوبێکت)، بوونەوەرێکی کامڵ نیە بەڵکو ئەگەرێکی بایۆلۆژی/کۆمەڵایەتییە و دەبێت بەرمەبنای یاسای نەنوسراو و یاسای نوسراو، بڕی ماف و ئەرك و چێژەکانی

دیاری بکرێن. بەڵام کاتێك کۆمەڵگای ئێمە خێرا بەر جیهانگیری و تەکنۆلۆژیا دەکەوێت و فریای ئەوە نەکەوتووین ئەو شتانە ڕێکبخەین، چیمان بەسەردێت؟ بەر لە هەرشت پێویستە بزانین مرۆڤ بۆ پیرۆز نیە؟ یان بە دەربڕینێکی تر، دەبێت دیدگامان بۆ مرۆڤ بە فلتەری «لەئاشنایی داماڵین»دا ببەین: لە ئەدەبیات و لای فۆرمالیستە ڕووسەکان، چەمکێك هەیە بەناوی «لە ئاشنایی داماڵین» (Defamiliarization). واتە شیعر و ئەدەبیات بۆ ئەوەی درووست ببێت ئەوا پێویستە کەمێك خۆمان لەو ئاشنابوونە قوتاربکەین کە ژیانی ڕۆژانەی لەسەر هەڵچنراوە. بەسادەیی، بۆ ئەوەی شتێك بکەیت بە شیعر دەبێت لەو بارە ئاشنایەی دەربێنیت کە زمانی ڕۆژانە و پێناسە سەپێنراوەکان بۆیان درووستکردووە و کردوویانە بە دیاردەیەکی زۆر ئاشنا. بۆ ئەوەی مرۆڤیش بەجۆرێکی نائاشنا و بێگانە ببینینەوە ئەوا دەبێت لەم بارە سەپێنراوەی دەربێنین. کەلتور و زمان و دین و ئایدۆلۆژیا جیاجیاکان و خێزان و یاسا و هتد مرۆڤیان وەك شتێکی تەواو ئاشنا لێ کردووە کە پێویستی بە ڕاچەنینێکی زۆر بزانین هەر بەڕاست وایە؟ بەسادەیی و تۆزێکیش کۆمیدی، پێویستمان بەوەیە سەیرێکی چواردەورمان بکەین و ئەو ئاشناییەی سەر زەینمان لابەین و تێبگەین کە ئەمانەی چواردەورمان کۆمەڵێك گیانەوەرن و هەستاونەتە سەر پێ و وەك فینۆمینەش تۆزێ لە حەیواناتی تر "شیکتر"ن و هیچی تر(سەرەتاکانی کتێبی ساپێنس-ی یۆڤال بەوردی ئەم وێنایەمان بۆ

درووستدەکات کە کتێبەکە بە زمانی کوردییش هەیە بەناوی: میژووی مرۆڤ ).

بەپێی تیۆری "پەرەسەندن"، کە یۆڤال نوحیش لە زۆر شوێنی پێویستدا لەسەری دەوەستێت، مرۆڤ لە مەیمونی ئەیپەوە هاتووە. واتە دەکرێت چیرۆکە ئوستورەییەکان بنکۆڵ بکرێت و چیرۆکە زانستییەکان جێی بگرێتەوە(کە لە نیگای یەکەمدا ئەمیشیان ئوستورەیە بۆ خەڵکانی دینی). یۆڤال دەنوسێت: «بمانەوێت یان نا، ئێمە ئەندامی خێزانێکی گەورە و قەرەباڵخی مەیمونەکانین(ئەیپ)، نزیکترین خزمیشمان شەمپانزێکان و گۆریلاکان و ئۆرانگوتانەکانن. شەمپانزێکان لەوانیتر نزیکترن لێمانەوە. 6 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر مەیمونێك دوو کچی لێ زا، کە یەکیان بووە داپیرەی شەمپانزێکان و ئەویتریش بووە داپیرەی خۆمان». ئەم چیرۆکە زۆر زۆری لەسەر نوسراوە، بەڵام هەر بیستن و بڵاوبوونەوەکەی کاریگەریی خۆی هەیە و شتێك لە پێناسەی مرۆڤ دەگۆڕێت. گەرچی مەسەلە کەلتورییەکان و خاوەنداریێتی و جوانی و هتد لە تیۆری پەرەسەندندا جێی خۆیان هەیە و هەڵگری برێك لە جەبری درێژخایەنی سرووشتییشن، بەڵام بەئاگاهاتنەوە بەرامبەریان یارمەتیماندەدات بەجۆرێك لە جۆرەکان بیر لە ڕێکخستن و تێپەڕاندنیان بکەینەوە. ئەوەی پێی دەوترێت کەلتور(لە مانا هەرە سادەکانیەوە کە جیایە لە شارستانیەت)، بەپێی یۆڤال نوح، بەرهەمی ئەو تایپە لە مرۆڤە کە پێی دەوترێت عەقڵمەند(Homo sapiens). ئەم مرۆڤەش حەفتا هەزار

ساڵێکه تادێت ئەم نەزمە هەرەسادەیەی کەلتور ئاڵۆزتردەکات و ئیشی تیا دەکات. بەم پێیە، مرۆڤ توخمێکە بەرهەمی پەرەسەندنە و پەرەسەندنیش بە مانای گۆڕان دێت و نە مرۆڤی کامڵ درووستدەکات و نە پیرۆزیش. لێرەشەوە مەسەلەیەکی چارەنووسسازی وەك "ڕۆح" پووچەڵدەبێتەوە چونکە بەپێی تیۆری پەرەسەندن ڕۆح لە ڕوانینی دینییدا شتێکە دابەشنابێت و ناگۆڕێت و نەمرە. بەڵام پەرەسەندن هەنگاو بە هەنگاو ئەندامێك درووستدەکات و لە ژمارەیەك بەش و جوزء پێکیهێناوە کە ڕۆح نیەتی. کاتێك بەرازێك و مرۆڤێك لەبەردەم زانستدا، هەڵگری ڕۆح نین، ئیتر ئەگەری جۆرێك لە ڕوانینی دیموکراسییانە و لائیك بۆ مرۆڤ دەکرێتەوە و تێدەگات سەروەری کائینات نیە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت مرۆڤێك و ئاژەڵێك یەك نەزمی ژیانیان هەیە، چونکە مرۆڤ سەرباری ئاژەڵبوونەکەی، کەچی خاوەنی پانتاییەکی ڕەمزییە کە مێژووی تیایە و ئەزموون کەڵەکەدەکات و خاوەنی جۆرێك لە ئاگاییە کە گوایا حەیوانات و کۆمپیوتەرەکان نییانە. گەڕانەوە بۆ ڕابردووە حەیوانییەکەمان، گەڕانەوەیەکی دووقاتە، واتە گەڕانەوەشە بەرەو داهاتوومان. یۆڤال دەنوسێت: «هیچ توێژینەوەیەك لەبارەی داهاتووی خوداشێوەمانەوە ناتوانێت ڕابردووە ئاژەڵییەکەمان یان پەیوەندییمان بە ئاژەڵەکانی ترەوە پشتگوێبخات. چونکە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان باشترین سەرمەشقە بۆ پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوان مرۆڤەکان و سوپەرمرۆڤەکان: ئاخۆ دەتەوێت بزانیت سایبۆرگە سوپەر/زیرەکەکان دەبێت چۆنچۆنی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مرۆڤە ئاساییانەدا

بکەن کە لە گۆشت و خوێن درووستبوونە؟ بۆیە باشترە ئەو هەڵسوکەوتە تاوتویێ بکەین کە مرۆڤەکان لەگەڵ خزمە "کەم عەقڵتر"ەکانی خۆیاندا هەیانە. ئەم چوونیەکی و بەراوردە شتێکی پێرفێکت نیە بەڵام...». لێرەدا وەستان لەسەر پەرەسەندن دیوێکی ناوخۆیی و گەردوونییشی هەیە: دیدمان بۆ مرۆڤ بگۆڕێت لە ئێستا و ناوخۆی کۆمەڵگاکەدا، وەك دیوە گەردوونییەکەش خۆیشمان بۆ تێگەیشتن لەو سوپەرمرۆڤە ئامادەبکەین کە لەسەرووی ئەم مرۆڤە ناچیزەی ئێستاوەیە.

دیارە تێزی یۆڤال نوح لەسەر پەرەسەندن نیە، بەڵکو لەسەر تێپەڕاندنی پەرەسەندنە لەلایەن هۆشی دەستکرد و پێشکەوتنی بایۆکیمیایی و بایۆجینات و ئەندازیاریی جینات و نانۆتەکنۆلۆژیا و تەکنۆلۆژیا بەگشتییەوە(یان بە دیوێکی تردا گرنگیدانە بە چەمکی ئالگۆریتم کە دواتر دێینە سەری). درێژکردنەوەی تەمەن و نەمری، دوو پرسن کە دابڕان لە پەرەسەندندا درووستدەکەن. بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە خۆی ئاماژەیان بۆ دەکات، گەر نەمری لە ئەگەر و نەگەردا بێت بۆ داهاتوو، ئەوا درێژکردنەوەی تەمەن شتێکی مومکینە. چۆن سەرەتای سەدەی پێشوو، تەمەنی مرۆڤ نیوەی ئێستا بوو ئەوا لەم سەدەیەدا زانست ئەو ئیمکانەی دەبێت کە دیسان دووقاتی بکاتەوە؛ واتە بیخاتە سەرووی سەد و ئەوەندەساڵەوە. ئەو قسەی ناو چاوپێکەوتنێکی بیل ماریس لە 2015دا دێنێتەوە کە دەڵێت: «گەر ئەمڕۆ لێم بپرسن ئاخۆ ڕێی تێدەچێت پێنجسەد ساڵ بژیین، ئەوا وەڵامەکەم بەڵێ دەبێت». گوایا ئەم قسەیە

بەتەنیشت ئەو خەرجییەی کۆمپانیای گوگڵەوە دێت کە 36%ی سەروەتە دووملیار دۆلارییەکەی بۆ "پرۆژەی زانستیی ژیان" تەرخانکردووە. بیل ماریس سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ، پرۆژەکەی دەچوێنیت بە تۆپی پێی ئەمریکا و دەڵێت: «هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە نیە هەندێ خاڵ و ئیمتیاز لەم پێناوەدا بەدەستبێنین، بەڵکو هەوڵدەدەین یارییەکە ببەینەوە». گەرچی یۆڤال نیگەرانیی خۆی لەمەڕ ئاکامەکانی تەمەندرێژی و نەمری دەخاتەڕوو کە هیچ بەختەوەرییەك ناخەنە سەر ژیانی داهاتووی مرۆڤ، بەڵام ئاماژە بۆ هەریەکە لە کورزوێل و دی گرەی دەکات، کە ئەوان گەشبینن و پێیانوایە هەرکەس لە 2050دا خاوەنی لەشولارێکی تەندرووست و هەژمارێکی بانکیی سەلامەتی بێت ئەوا ئیمتیازێکی جدیی دەبێت بۆ ژیانێکی پلەپلەی نەمرانە. واتە مرۆڤەکان(وای دابنێین دەرفەت بۆ هەموان ڕەخساوە) کە  ساڵانە سەردانی نۆڕینگە بکەن و بخرێنە ژێر چارەی بنیاتنانەوەوە و نەك هەر نەخۆشییەکان چارەبکرێن بەڵکو ڕیشاڵ و شانە مردووەکانی مرۆڤ هەمواربکرێنەوە و دەست و چاو و مێشکیشیان بئافرێنرێتەوە. گەر هەر نۆڕینێك، دە ساڵ مردن دوابخات ئەوا زانستی پزیشکی هێندەی تر پێشدەکەوێت. نەمری لێرەدا دواخستنی مردنە کە چینە باڵاکان ڕیزی بۆ دەبەستن. لەڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت وەك بڵێی، زانست(یان غەریبەیەك) لەولاوە دێت و خەونی ئەدەبیات و فەلسەفە و دین و فۆلکلۆر و زۆر کایەی تر دێنێتەدی کە نەمرییە. بەڵام بەشاراوەیی لە بۆچوونەکانی یۆڤالدا دیارە و دەمێکیشە کیرکەگارد باسیکردووە کە کارەساتی

مرۆڤ مردن نیە بەڵکو ترس لە نەمرییە. ئەم چالاکییەی ناو ژیانیش بەرهەمی ترسە لە نەمری. بەڵام گەر بەپێی فرۆیدیش سەیربکەین ئەوا «پاڵنەری مەرگ» خۆی پاڵنەرێکی نەمرە و هەموو ژیان بەدەوری ئەم پاڵنەرەدا درووستدەبێت. وێناکردنەکانی یۆڤال بۆ ئەم نەمرییە پلەپلەیەی کە شتێکی مومکینە، خاڵی نیە لە ڕەهەندی زۆرکۆمیدی/زۆر تراژیدی: کە لە هەردوولاوە ستراکتۆری خێزان و زەواج و پەیوەندیی دایکوباوك و مناڵ دەگۆڕێت. بۆنمونە کەسێك 150 ساڵ تەمەن بکات و لە 40 ساڵیدا زەواجدەکات، کەچی 110 ساڵ تەمەنی ماوە. ئایا ماقووڵە 110 ساڵەکەی تر لەگەڵ هەمان کەسدا بژی؟ بەپێی توانجەکەی ئەو، تەنانەت کاسۆلیکەکانیش بە هەڵوێستی خۆیاندا دەچنەوە لەسەرە زەواج. گەر هەمان کەس لە 40 ساڵییدا ببێتە خاوەنی دوو مناڵ، ئەوا لە 120 ساڵییدا وەك یاردگارییەکی دوور ئەوەی بیردەمێنێت چۆن پەروەردەی کردوون(جگە لەوەی هیچ نیە 40 ساڵێکی ترۆهاتیان بەینە و دواتر دەبنە هاوڕێ!).

ئالگۆریتم(Algorithm) نەك لۆگاریتم، یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو نوسینەکانی یۆڤال نوح. سەرەتا کە بەر وشەی ئالگۆریتم دەکەویت، پێتوایە پێگەی هەندێ چەمکی وەك (گوتار یان دیالەکتیك یان ...)ی هەیە لە فەلسەفەدا بەڵام لەڕاستییدا ڕووبەرێکی گەورەی زانستی نوێی داگیرکردووە. تەنانەت یۆڤال نەك هەر لە کارەکانی خۆیدا بەڵکو ئالگۆریتم بە چەمکی هەرەسەرەکیی سەدەی بیستویەك دادەنێت لە زانستدا. ناونیشانی تەوەرێکی ناو

کتێبی هۆمۆدیۆس ئەمەیە: بوونەوەرە زیندووەکان(ئۆرگانیزمەکان) ئالگۆریتمن. ئالگۆریتم کۆمەڵێك خطوە و هەنگاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی ماتماتیکی یان لۆژیکی و ئێستاش کۆمپیوتەری و تەنانەت بایۆلۆژییش. بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری، بەپێی کۆمەڵێك خطوەی ناو ئالگۆریتمێك دادەڕێژرێن. مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەشیدا ئالگۆریتم وەك میتۆدێك بۆ چارەی گرفت و بڕیاردان بەکاردەهێنێت یان ڕەنگە خواردنێك بەپێی ئالگۆریتمی جیاجیا درووستبکات(سەیریش نیە کە حاڵی حازر بێشومار هەنگاوی خواردن درووستکردن پەیدابوونە). ئەو دەنوسێت: «ئالگۆرێتمێك بریتی نیە لە هەژمار و حیساباتێکی تایبەت بەڵکو میتۆدێکە بۆ ئەنجامدامی حیساباتێك». بە دەربڕینێکی تر، ئالگۆریتم هاوکێشە و پرۆگرامێکی پێ بەپێ و هەنگاو بەهەنگاوە بۆ شیکاری پرسێک، کە زانای ئێرانی خوارزمی دایهێناوە(ئالگۆریتم = ئالخۆریزم). ئێستاش بە سیستەمی ناوەکیی سۆفتوێر و هاردوێر کە هەنگاو بەهەنگاو داتا و فەرمانە ئەلیکتریکییەکان وەردەگرن و شیی دەکەنەوە و بە چۆنیەتیی کارکردنی سۆفتوێر دەوترێت ئالگۆریتم. لەلایەکی تریشەوە زانستی پەرەسەندن ئەوەمان فێردەکات جگە لە ڕۆبۆتی "داتاوەرگر و گۆڕینی بۆ زانیاری" هیچی تر نین! ئێمەش ئالگۆریتم و سۆفتوێرین! بە سودبینینی تەندرووستانە لە داتاکان دەتوانین یان توانیومانە بەسەر چارەنوس و ژیانی خۆماندا زاڵ ببین [مرۆڤ ئالگۆریتمێکی بایۆلۆژیی پەرەسەندووی ئاڵۆزە کە لەڕێگەی هەستەکانیەوە دیاردەکانی

جیهانی دەوروبەر وەک داتایەک وەردەگرێت و لە هۆشی خۆیدا دەیانکات بە داتا و زانیاری، بەمەش جیهانی دەوروبەر کۆنترۆڵدەکات]. کاتێك دەوترێت مرۆڤ جۆرێکە لە ئالگۆریتم، ئەوا یەکسەر دەست بۆ هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی مرۆڤ دەبرێت تاکو لە تەمومژ دابماڵرێن. «زانایانی بایۆلۆژی لەو چەند دەیەی دواییدا ئەوەیان دەرخستووە کە هەستوسۆزەکان کۆمەڵێك دیاردەی ڕۆحیی تەمومژاوی نین کە تەنیا بەکەڵکی شیعرنوسین و تەسنیفی سەمفۆنیا بێن بەڵکو کۆمەڵێك حیساباتی بایۆکیمیایین کە لە هەموو شیردەرەکاندا هاوبەشە و مانەوە و بەرهەمهێنانەوەیان مسۆگەردەکات». ئالگۆریتم دەروازیەکی ترە بۆ لەئاشنایی داماڵینی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی میتافیزیکی و موقەدەس و دکنەکراو. هەر بڕیارێکی ناو ژیانی مرۆڤ، بە ئالگۆریتم و پرۆسەیەکی حیساباتدا تێدەپەڕێت کە تیاماندا چنراوە و دواتر ناومانناوە عاتیفە و هەستوسۆز.

بەڵام دیارە هێشتا ڕەهەندە مرۆییەکە ئیشی خۆی دەکات و جگە لەوەی مرۆڤ ئالگۆریتمێکی ئاڵۆزترە، شتێك دەمێنێتەوە کە لە حیساباتی زانستی و بابەتی هەڵدێت. نمونەیەکی دەروونشیکاریی باو هەیە: ئەو کاتەی زۆر عاشقیت، پسپۆڕێکی بایۆکیمیایی دێت و پێت دەڵێت هەموو هەستە بەجۆشوخرۆشەکانت تێکڕا بەرهەمی کۆمەڵێك پرۆسەی بایۆکیمیایین لە لەشی تۆدا، من دەتوانم بە جۆرێك لە جۆرەکان وەڵامەکەی خۆی بە

ناوچاودا بدەمەوە و بڵێم: «ڕەنگە ئەو شتانەی تۆ دەیڵێیت ڕاست بن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هیچ شتێك ناتوانێت ئەم جۆشوخرۆشە توندەم لێبسێنێتەوە کە ئێستا ئەزموونی دەکەم...». سەرەڕای ئەم دیوە سوبێکتیڤە مرۆییە، پرسی بەئالگۆریتمبوونی مرۆڤ کۆمەڵێك ئیمکان دەداتە زانست کە زۆرئاسان دەستکاریی پێکهاتەی مرۆڤ بکرێت لە داهاتوودا و چەمکەکانی ئیختیار و ئازادی و ڕێکەوت و هتد گۆڕانیان بەسەردا بێت.

پرسیارێکی ناوەخت دێتەپێشێ: ئایا کۆمەڵگای ئێمە هیچ فڕی بەسەر ئەم مەسەلانەوە هەیە؟ دیارە هەیەتی بەڵام بە شێوەی پێچاوپێچ و ناڕاستەوخۆ. گەر بڵێین کۆمەڵگای ئێمە نەگۆڕاوە، کێشەدارە؛ چونکە لەڕووی کاتەوە هاوکاتی جیهانین و بەشێکین لە جیهانگیری. گەر بشڵێین، وەك بەشداری و بەها بەشێکی ئۆرگانیین لە گەشەی جیهان ئەوا دیسان هەر کێشەدار و خۆشخەیاڵییە. هێندە هەیە گۆڕانکارییەکان شتانێك بۆسەر دیاردەکانی کۆمەڵگای ئێمە زیاددەکەن، چونکە ئێمەش لەناو کۆپەیوەندییە دیجیتاڵی و مەجازییەکانی جیهاندا دەژیین. دەشێت دیاردەیەکی پێشمۆدێرن و دواکەوتوو خۆی قوتبکاتەوە، بەڵام لە هەمان دیاردەدا ڕەهەندێك هەیە یونیڤێرساڵە و تەواو لۆکاڵی و خۆماڵی نیە. بۆنمونە ژنکوشتنێك لەئێستادا سەرباری عەقڵی کۆمەڵایەتی، خاڵییش نیە لە پاڵنەری سەردەمەکە. بۆنمونە ناتوانین حاشا لەو یەکتربڕینە بکەین کە لەنێوان عەقڵی خێڵ و پۆڕنۆدا درووستدەبێت: کاتێك

هەفتەکانی پێشوو سەرۆکی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی بە کچەکانی وت «قەحبە»، ئەوا ئەم وشەیە تەنیا گوزارشت نەبوو لە ئەدەبیاتی خێڵ و حیزب بەڵکو نواندنەوەی حەساسیەتەکانی پیاویش بوو بە ڕووی کۆمەڵگای نمایش و پۆڕنۆدا: وەکچۆن لە جوولانەوەکانی ئەمڕۆدا ڕەهەندێك لە «پۆڕنۆ و نمایش» دەبینرێت. یان مەلا عومەر چنگیانی دوو هەفتەی پێشوو باسی ئەوەی کرد کە خەڵك چیتر ترسی لە وەعز و خوا نەماوە و شت دەدزن و لەناو مزگەوتدا جگەرە دەکێشن و هتد، واتە خودا چیتر ڕۆڵی ئەو سانسۆری ناوەکییە ناگێڕێت کە هەیبوو: مەلا عومەر دەڵێت لەو کاتەوە کە کامێرام داناوە ڕێژەی ئەم شتانە کەمیکردووە. لێرەدا دەتوانین سێ جۆر گەشە بیری خۆمان بخەینەوە: گەشەی سرووشتییانەی داروینی، گەشەی مێژووییانەی مارکسی، گەشەی خێرای تەکنۆلۆژی. گەر یەکەمیان زۆر خاو بووبێت ئەوا دووەمیان تۆزێك خێراترە بۆ بینینی جوولەی کۆمەڵگاکان و سێهەمیشیان تەواو خێرایە و هەموو جۆرە کۆمەڵگاکان تەیدەکات و دەیخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بۆیە ناکرێت بڵێین مادام کۆمەڵگای ئێمە وەکو خۆیەتی و عەقڵێکی ڕۆشنگەر نایجووڵێنێت ئەوا ئیتر وەستاوە، بەڵکو خێرایی تەکنۆلۆژی دێت و هەموو تەناقوز و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەداتەوە و چاوەڕێی لارولەنجەی مێژوو ناکات. بۆیە باسی تەکنۆلۆژیا بەگشتی دەکەین چونکە گەردوونییە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بێتو ئەو کایە زانستییانەی تر

فەرامۆشبکەین کە نوخبەوییە و چەند دەوڵەتێکی بەهێز پێوەی خەریکن و یۆڤال نوح بەوردی تاوتوێی کردوون.

یۆڤال نوح بەبێ پەروا بەرگری لە لیبراڵیزم دەکات، بەڵام نەك وەك ئینتیمایەکی سیاسیی ڕووت، بەڵکو وەك یەکێك لەو حەکایەتانەی کە حاڵی حازر بەدەستی مرۆڤەوە ماوەتەوە و هێشتاش هەر کۆمەڵێك دیوی ئەرێنیی پێیە بۆمان. بەم پێیە «دیموکراسی» وەك کۆڵەکەیەکی لیبراڵیزم، لە خراپترین حاڵەتی خۆیدا یەکێکە لەو شتانەی کە دەتوانێت چیرۆکی هاوبەش بۆ مرۆڤ دروستبکات و مرۆڤەکان نەبنە ئەو شتەی کە کورد لە ئیدیۆمێکدا پێی دەڵێت "ئاردی بن درك". کۆمۆنیزم و لیبراڵیزم و فاشیزم و ناسیۆنالیزم و دین و هتد لەو چەند حەکایەتە گەورانەی ناو مێژوون کە توانیویانە مرۆڤ لە دەوری یەکتر کۆبکەنەوە و مێژوو ببزوێنن، بەڵام لەگەڵ داهێنان و سەرەڕۆییەکانی مرۆڤدا نازانین ناوەڕۆکی چیرۆکە هاوبەشەکانی داهاتوو چۆن دەبن. ئەوەی لەئێستادا ڕوونە ئەوەیە کە دەست بەو چیرۆکانەوە بگرین کە ڕەبتی مەعنەوی لە کۆمەڵگادا دروستدەکات و وا دەکات لەڕووی هاوپشتییەوە تۆزێك سەرنجمان بچێتە سەر یەکتر. ڕەنگە لێرەشەوە بێت کە ژیژەك پێش ماوەیەك لە وتاری (ئەوەی پێویستە چەپ لە ترەمپەوە فێری ببێت)دا پەرەگرافێك لە کتێبی هۆمۆدیۆس-ی یۆڤال نوح وەردەگرێت کە ناواخنەکەی بەم جۆرەیە: "مرۆڤ گەر هەڵقەیەکی هاوبەشی پێکەوە نەمێنێت لەگەڵ دەنگدەرەکانی تردا ئەوا دیموکراسییش مانای نامێنێت و هەڵبژاردن دەبێتە سرووتێکی بەتاڵ و فۆرماڵ. گەر ئەزموونی خەڵکە دەنگدەرەکەی تر بۆ من ئەزموونێکی نامۆ بێت و هەستبکەم لە ئیحساساتی تێناگەن و تەنیام و بەرژەوەندییە

بنچینەییەکانی منیان پێ گرنگ نیە ئەوا لە دەنگدانیشدا سەد بەرامبەر بە یەکیش بدۆڕێم هێشتا هەر بیانوویەکم پێ نیە ئەنجامەکە قبوڵبکەم...کاتێ وەك ڕەبتی مرۆیی و مەعنەوی دۆڕاوین، ئیدی دۆڕانی ئەنجامەکە چ نرخێکی هەیە...". واتە دیموکراسی بەر لەوەی تەرکیز بێت لە سەر ئەنجامێکی خواوەکیلی، ئەوا دەبێت سرووتێکی دەستەجەمعی بێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤ هێشتاش لینکی بەیەکترەوە ماوە. ئەمەش دیسان وەفایەکە بۆ مێژوویەکی درێژ کە مرۆڤ چیرۆکی هاوبەشی داهێناوە و مانای لەو چیرۆکەوە وەرگرتووە. بۆیە یۆڤال پێی وایە ناکرێت مرۆڤەکان کورتبکرێنەوە بۆ هۆرمۆن و نیورۆن و بەیەکجاری شەق لە چیرۆکە هاوبەشەکان هەڵدەین. بەڵام مەترسییەکەش ئەوەیە کە دیموکراسی وەك سرووتێکی بەکۆمەڵ، لە داهاتوویەکی دوور تا نزیکدا لەبەردەم مەترسیی نەماندایە. ئەم نەمانەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە ڕەبتە مرۆییەکانمان بیربچنەوە و وەك یادگارییەکی مێژوویی جێی بهێڵین. وەکچۆن ئێستا گاڵتەمان بە جەنگی خاچپەرستەکان و شەڕی سارد و زۆر شتی تر دێت و پێمانوایە جێمان هێشتوون. خۆی دەنوسێت: دیموکراسی بەم فۆرمەی ئێستا ناتوانێت لەپاش لێکهەڵوەشانەوەی بایۆتەکنۆلۆژیا و داتاتەکنۆلۆژیا بەسەلامەتی دەرچێت. دیموکراسی یان سەردەکەوێت خۆی لە قاڵبێکی تەواو جیاوازدا بنیاتبنێتەوە یاخود مرۆڤەکان دەکەونە ناو دیکتاتۆریەتی ژمارەکانەوە.

دیکتاتۆریەتی ژمارە و داتاکان شتێکە لەڕواڵەتدا وەك درێژەی دیموکراسییە کلاسیکەکە خۆی دەردەخات بەڵام لەڕاستیدا پێچەوانەیەتی. ئەمڕۆ دەرخستنی زانیاری هێمای دیموکراسی نیە، چونکە زیاد لەڕادە داتا و زانیاری و ئامار دەخرێتەڕوو. بەحوکمی ئەوەی تۆڕە دیجیتاڵییەکان کۆنترۆڵ ناکرێت و لە دەستی دەسەڵاتەکان دەرچووە، ئەوا هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت وەك جاران سانسۆر لەسەر زانیارییەکان درووستبکات. بۆیە لە

دۆخێکی وادا هەر دەسەڵاتێك لەجیاتیی سانسۆرکردنی زانیاری، دێت زانیاریی هەڵە بڵاودەکاتەوە. یان بە شێوەیەکی تر، سەر لە خەڵك دەشێوێنێت و سەرچاوەکانی هەواڵ و داتا تەمومژدەکات. دیارە ئەمە بۆ ژیانی سیاسیی کۆمەڵگای ئێمە ترسناکترە، چونکە دەزگای دیموکراسی و عەقڵانییمان نەبووە و کاتێکیش بەر تەکنۆلۆژیای گەیاندن دەکەویت ئیتر زووتر فێڵەکانی سەرلێشێواندن فێردەبین. خاڵێکی فیکری لێرەدا ئەوەیە کە: پاش فیچقەکردنی زانیاری و بیستراو و بینراو، جیهان گەورەتر دەبێتەوە بەڵام تەمومژاویتریش دەبێت. کاتێك میزاجت ناهێڵن داتا درووست و نادرووستەکان لێك جیابکەیتەوە ئیدی ناچاریت پێوەری تر بۆ حەقیقەت هەڵبژێریت: بەتایبەت لەم کۆمەڵگایانەی وەك ئێمەدا کە دەبێت هێز بەڕوونی بکرێتەوە بە پێوەری حەقیقەت. نمونەیەکی ڕوون لەم هەفتەیەدا هەردوو سایتی "باس" و "میللەت" بوو. ئاشکرایە ئەم دوو سایتە شەڕێکی مەجازی دژی یەکتر دەبەنەڕێوە بۆ ئەوەی سود لەو دیکتاتۆریەتەی داتا وەرگرن کە دونیای تەکنۆلۆژیای تەنیوە. کاتێك یەکێکیان هەواڵێبك دژ بە حیزبەکەی ئەویتریان دادەنێت، ئیتر ئەمیان دەبێت هەواڵێکی تر دانێت بۆ شکاندنی هەولەکەی ئەویتر. واتە هەواڵەکە پەیوەندیی بە ڕاست و درۆوە نەماوە بەڵکو پەیوەندیی بە هێزەوە هەیە. تەنانەت بەشێکی زۆری لایککەرەکانیش دەزانن کە هەواڵەکان درۆیە بەڵام دەبێت هێزی خۆیان لەم دیکتاتۆریەتە مەجازییەدا دەربخەن و پاڵپشتی یەکێك لەو دوو لایەنە بکەن. گەر یەکێکیان 3000 لایك بۆ هەواڵەکەی کۆبکاتەوە، ئیتر دەبێت ئەویتریان ئەم 3000ـە تێپەڕێنێت. واتە مەرجەعەکە ڕاستی و ناڕاستی نیە وەك سەلماندن بەڵکو لۆژیکی هێزە کە لایك ڕۆڵەکەی دەبینێت. بەکورتییەکەی، دیموکراسیەتە لیبراڵییەکەش لەبەردەم جۆرێك دیکتاتۆریەتی داتای نادرووستدایە کە پێناچێت وا بەئاسانی کۆنترۆڵبکرێت. لەڕووی چینایەتی و نایەکسانییشەوە، ئەم

مێژوونوسە بەراوردی سەردەمەکان دەکات بەیەکتر و پێی وایە بەهۆی جیهانگیری و تەکنیك و ئەنتەرنێتەوە سەدەی بیست و یەك لەبەردەم ئەو ئەگەرەدایە کە چینایەتی بگاتە قوولترین ئاستەکانی خۆی. هەروەها پێی وایە گەرچی بەهۆی ئەم دیاردە تازانەوە مرۆڤایەتی ڕووەو جۆرێك لە یەکێتی و یەکڕەنگی دەڕوات، بەڵام لە هەناوی خۆیدا پارچەی زیاتری لێ دەکەوێتەوە و وەردەگەڕێت بۆ کاست و چینی جیاجیا کە گەر بێتو لەڕووی بایۆلۆژیاوە دەستی تێ وەربدرێت ئەوا بۆ ئەبەد ناتوانین درزە چینایەتییەکان داخەینەوە. بە مانایەکی تر، مامەڵەکردن بە داتاوە ستراتیژی بەشێك لە دەوڵەت و نەزمە سیاسییەکان دیاریدەکات. یۆڤال نوح پێی وایە یەکێ: لەو هۆکارانەی کە کۆمۆنیزمی سەدەی بیستی ڕووخاندا، چڕبوونەوەی داتا بوو بە شێوەیەکی سەنرتاڵ و مەرکەزی لە مۆسکۆ. کە بەپێچەوانەوە ئەمریکا مامەڵەیەکی درووستتری بە داتاوە کرد و لەگەڵ ڕیتمی مێژوودا خۆی گونجاند.

یەکێکی تر لەو هەستانەی کە ڕۆژانە دامانده‌گرێت و جۆرێکە لە نامۆبوون، دابڕانی پەیوەندییمانە بە جەستەمانەوە. لێرەشەوەیە ئەم مێژوونوسە پێی وایە بەشێکی زۆر لە پشپۆڕان بەهەڵەدا دەچن و نامۆبوونەکە بەتەواوی بۆ ئاوابوونی هاوپشتیی دینی و نەتەوەیی دەگەڕێننەوە. چونکە پێی وایە جەستە نزیکترین سامانە کە لە مرۆڤ خۆیەوە نزیك بێت و تادێت لێی دووردەکەوێتەوە و لە داهاتووی دوورتریشدا لە پارچەی نائۆرگانی و ئەرکی نائۆرگانی دەئاخنرێت. بەر لە هەرشت ئەمە بەهۆی پەیوەندیی دوور یان ئەو شتەوە ڕوودەدات کە پێی دەوترێت: تێلە ئۆبێکتیڤ. لە یەکێك لەو کۆڕانەدا کە ڕاستەوخۆ و دووراودوور لەڕێی شاشەیەکەوە بەشداری دەکات دەڵێت: تۆزێك کۆمیدییە، چونکە نوسیبووم مرۆڤەکان دیجیتاڵی دەبنەوە؛ بەڵام پێم وانەبوو هێندە خێرا ڕووبدات و بۆ خۆیشم ڕووبدات. بەڵام ئیتر ئەوە منم و لە شێوەی

ئاڤاتارێکی دیجیتاڵییدا قسەتان بۆ دەکەم. ئەم جەستەیە دەرکێت جەستەی ئۆرگانە گەورەکانیش بگرێتەوە کە لە تاکەکەس زیاترن. بۆنمونە، جەستەی دەوڵەت لەکوێیە؟ جەستەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لەکوێ دەبن؟ چونکە تیرۆریستەکان بەبێ ئەوەی سوپایەکیان هەبێت لە هەوڵدان هاوسەنگیی سیاسی بشێوێنن و ملیۆنان مرۆڤ لە جیهاندا وەك تارمایی بتۆقێنن.

بەو جۆرەی کە یۆڤال و کۆمەڵێك زانا و بیرمەندی تر باسیدەکەن، زۆربوونی داتا و زانیاری دەبێتەهۆی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بونیادی. یەك لەوانە دەکرێت مەرگی مامۆستا بێت، کە شتێکە دەتوانین بیخەینە پاڵ مەرگی نوسەر کە ڕۆلان بارت پێش چەند دەیەیەك وەك تێزێك خستبوویەڕوو. زانیاری، بەر لە هەموان مامۆستا دەکوژێت. پێگە سەنتراڵەکەی لێ دەسێنێتەوە. ئەمە جگە لەوەی مامۆستا خۆیشی لە جێی دیکی دەتوانێت ببێتە قوتابی و خۆی لەو پێگە مەرکەزییە داڕنێت. پرسیارێك لێرەدا نائاگایانە یەخەمان دەگرێت ئەوەیە کە: دۆخی دەروونیی مرۆڤ چیی لێدێت؟ یۆڤال لە گفتوگۆیەکی گاردیاندا دەڵێت: "دەبێت چاوەڕێ بین و بزانین چی دەبێت. ترسەکەی من پتر دەروونییە. ئەوەی کە لەڕووی دەروونییەوە بەرگەی ئەم ئاستە لە گۆڕانکاری دەگرین یان نا....داپیرم 93 ساڵ تەمەنیەتی و وەزعی باشە. کەواتە دەتوانین بەردەوام بین بەڵام دەتوانین هەر بەم شێوەیە بەردەوام بین گەرەنتییەك لەئارادا نیە".

# yuval noah Harari

www.negativegroup.org